Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-23

# ئەرکەکانی وەسف لە دەق والآی (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی)ی (شێرکۆ بێکەس)دا

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

نەشمیل محمد علی، دیار فایەق مەجید

بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

وەسف، ئەرکەکانی وەسف، شێرکۆ بێکەس، پاسکیلێکی کەرکوکی.

**Corresponding Author**

nashmil.mohaamad@gmail.com
diyar.faeq@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی: ئەرکەکانی وەسف لە دەق والآی (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی)ی (شێرکۆ بێکەس) دایە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گرنگی ئەرکەکانی وەسف لە ئەزموونی شیعری ئەم دەقە والآیەی شاعیردا. وەسف وەك بنیادێکی هونەری لەناو ڕەگەزەکانی گێڕانەوەی ئەدەبیدا پێگەیەکی تایبەتی داگیرکردووە، بە تایبەتیش لە نێو فەزای شیعردا، کە بە مەرجێکی پێویست دادەنرێت بۆ داهێنانی شێوازی شیعریی تایبەت بە شاعیر، ئەمەش لە پێناو دروستکردنی پێوەر و وێنەی نوێ کە واقیعێکی جیاواز لە دیدگای شاعیر دەربخات. (شێرکۆ بێکەس) کە یەکێکە لە ڕابەرانی شاعیرە هاوچەرخەکانی نێو ئەدەبی کوردی، لەم بەرهەمەیدا بایەخ و بەهای تایبەت بەم هونەرە و ئەرکەکانی داوە، بەجۆرێك ئەو وەسفانەی کە بەکاریهێناون هەڵگری زیاتر لە ئەرکێکن، ئەمەش پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی شاعیرەوە هەیە لە چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەرەستەکانی زماندا، بەم هۆیەوە توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو وەسفانەی کە ئەرکی جیاوازیان لە دەقەکەدا بینیوە، جوانی و ناوەڕۆکێکی سرنجڕاکێش بە بەرهەمەکەی ببەخشێت و وا لە خوێنەر بکات چێژ لەدەق و جوانییەکانی ببینێت. توێژینەوەکە سەرباسێکی ماستەر نامەیە و تێیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشت بە بنەماکانی میتۆدی بنیادگەری بەستراوە. توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە تێیدا تیشك خراوەتە سەر چەمك و پێناسەی وەسف و شیکردنەوە و ڕافەکردنی ئەرکەکانی وەسف لە چوارچێوەی دەق والآی(یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) دا. یەکێك لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەکە بەدەستی هێناوە، ئەوەیە لە نێو ئەم دەقەدا زیاتر لە ئەرکێك دەبینرێت، وەکو ئەرکی: (جوانکاری و ڕازاندنەوە، ڕافەیی و لێکدانەوە، گێڕانەوەیی و وێنایی) لە نێو ئەم ئەرکانەشدا، ئەرکی گێڕانەوەیی پانتاییەکی فراوانی لە نێو دەقەکەدا داگیرکردووە و شاعیر گرنگییەکی زیاتری پێداوە.

## پێشەکی:

وەسف لە بنیاتی دەق شیعریدا کاردەکات بۆ دروستکردنی واقیعێکی نوێ بەپێی یاساکانی زمانی ئەدەبی نەك بەپێی یاسای لێکچوون لەگەڵ واقیعدا. بەم پێیە وەسف بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی واقیع بۆ زەینی وەرگر, لە وێنەیەکی فیزیکییەوە بۆ وێنەیەکی ئەدەبی. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر ئەرکەکانی وەسف لە دەق (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی)ی شێرکۆ بێکەسدا کراوە, بەو پێیەی کە تارادەیەکی زۆر بەم هونەرە و ئەرکەکانی تایبەتمەندە, جگە لەوەی ئەو برگە وەسفییانەی کە هەڵگری ئەرکی جیاوازن لە شێوە و دەربڕینی جۆراوجۆردا پێشکەشی خوێنەری دەکات.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو لایەندا دەبینێتەوە، یەکەمیان (شێرکۆ بێکەس)ە, کە شاعیرێکی بەتوانای شیعری هاوچەرخە و خاوەن شێوازی شیعری تایبەت بە خۆیەتی، دووەمیشیان ئەرکەکانی وەسفە سەرەڕای ئەو بایەخە دیارەی لە دەق ئەدەبیدا و بە تایبەتی لە شیعردا دەیگێڕێت, تاکو ئێستا لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە، و ئەم لێکۆڵینەوەیە بە یەکەم هەوڵ دادەنرێت کە لەم بوارەدا ئەنجام درابێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە پشت بە بنەماکانی میتۆدی بنیادگەری بەستراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بە جۆرێك بەشی یەکەم باسێکی تیۆرییە و لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسی چەمك و پێناسەی وەسف کراوە، هەروەها لە تەوەری دووەمدا تێڕوانینی ڕەخنەگران لە سەر ئەرکەکانی وەسف بەرباس دراوە. بەشی دووەمیش کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە کە تێیدا باس لە ئەرکەکانی وەسف لە دەق والآی (یادەوەری پاسیلێکی کەرکوکی)ی شێرکۆ بیکەس دا کراوە، و تیایدا ئەو دەقانەی کە ئەرکەکانی وەسف بەشێکە لە بنیادیان، خراوەتەڕوو و بەرباس دراون.

## بەشی یەکەم: وەسف و ئەرکەکانی وەسف

### تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی وەسف

دەتوانین وەسف بە سەرەتای گەشەکردنی بیری مرۆڤ لێکبدەینەوە بۆ توانای تێگەیشتن و وێناکردنی شتەکانی دەوروبەری، لە بەرئەوەی "وەسف بەشێکی سروشتی لۆژیکی مرۆڤە، چونکە سروشتی مرۆڤ مەیلدارە بۆ زانینی بوونەکانی دەورووبەری و وێناکردنی بە بیستن و بینین و دڵ" (تونجی، ١٩٩٣،ل٨٨٤), وەسفیش مەحاڵە لە هیچ دەقێکدا نەبێت، بەڵکو دەبێت بوونی هەبێت و باسکردنی شتەکان لە خۆدەگرێت و بەهۆی زمانەوە وێنەیان دەکێشێت.(محبك، ٢٠٠٥،ل٣٥)، بۆیە وەسف چالاکییەکی هونەرییە و لەڕێ زمانەوە شت و کەس و شوێنەکان وێنا دەکات، هەروەها شێوازێکە لە شێوازەکانی گێڕانەوە، کە شێوەگەلێکی زمانی وەردەگرێت وەکو وشەو پێکهاتەی ڕێزمانی و برگە، کە ئەوەش جۆرێکە لە دەربڕینی هونەری، واتا وەسف" هونەرێکە لە هونەرەکانی پەیوەندی زمانی و بەکاردێت بۆ وێناکردنی دیمەنەکان و پێشکەشکردنی کەسێتی و دەربڕینی هەڵوێست و سۆز و هەڵچوونەکان، یان دەکرێت وەسف وێنەکێشانی وێنەی شتەکان بێت بە پێنووسی هونەر و ژیان، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دا، یان بیسەر لەکاتی بیستنی وەسفەکەدا وا هەست بکات، بە چاوی خۆی ئەو ڕوداوە یان ئەوکەس و شتەی بینیوە کە بۆی وەسف دەکرێت" (ئەلبەدی،٢٠١٢،ل١٠)

کەسی وەسفکەر یان نووسەر ڕەچاوی هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە بابەتی وەسفکراو دەکات، ئەمەش لە پێناو ڕاستگۆیی و بابەتی و وردیەتی وێناکردنەکەی بۆ بابەتە وەسفکراوەکە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان و ڕوون و ورووژێنەر بگەیەنێتە وەرگر(خوێنەر)، بۆیە" ئەبو علی حسن بن رشیق "پێی وایە باشترین وەسف" بریتییە لەو وەسفەی کە واتا گەلێکی زیاتری وەسفکراو لە خۆدەگرێت، وەکو ئەوەی وێنەی وەسفکراو بکێشێت و وەرگر وا هەست بکات لەبەرچاویتی " (مرتاض، ١٩٩٨،ل٢٤٤-٢٤٥)

هەر لەم ڕووەوە"نەبیل ئەیوب" وەسف وەها دەناسێنێت کە " بریتییە لە بەدیارخستنی یان ئامادەکردنی شتێك یان شوێنێك یان گیاندارێك یان مرۆڤێك کە لە ڕێگای وێناکردنی زمانەوانییەوە ناکەوێتە ژێر دیدیی خوێنەرەوە، بەڵام بە شێوازی گوزارەیی کە تێیدا وێناکردن یەکسانە بە بابەتی وەسفکراو, یان بە شێوازێکی ڕەنگدار بە سۆز و خەیاڵ وا دەکات دەربڕین یان بابەتی وەسفکراو تێپەڕێنێت و دووبارە دروستی بکاتەوە بە پێی دیدگای خودی دیاریکراو " (ئەیوب، ٢٠٠١،ل١٧٥), لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر هێزی (دەربڕین) دەکرێتەوە بۆ وەسف و زیاتر بە خەیاڵ و سۆزەوە پەیوەستی دەکات، ئەمەش لەڕێگەی وێنەکێشانی بیرو باوەڕ و شتە نەبینراو و مەعنەوییەکان بۆ شتی بینراو یان وێنەی پێشبینی کراو. کە ئەوەش دەبێتەهۆی زیندوو هێشتنەوەی ئەو بابەتە یان ئەو دەقە لە بیر و هزری کەسی گوێگر یان خوێنەردا. کەوایە زیندوویەتی وەسف لە دەقدا پشت بە توانا و زیرەکی و لێهاتوویی نووسەر دەبەستێت, لەڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانی و جۆرا و جۆری شێوازەکانی ڕەوانبێژی و وێنەی فۆتۆگرافی وەکو (خوازە و لێکچواندن و نواندن ) کە دەقە گێڕاوەکەی پێ دەوڵەمەند و کاریگەرتر دەکات لەڕووی ئەدەبی و زمانەوانییەوە.(الاعرج،٢٠١٨، ل١)، "موحەمەد نوری ئەحمەد" یش "وەسفکردن بە سیفەتێکی نیگارکێشان لە قەڵەم دەدات، کە تابلۆی کەسایەتی و شوێنەکان و شتەکان دەکات" (ئەحمەد،٢٠٠٣،ل١٨) چونکە وەسف هۆکارێکە بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنێك لە جیهانی دەرەوە لە تابلۆیەکی دروستکراو لە وشەکان. هەروەها وەسف بەم جۆرەش پێناسەکراوە" شێوازێکی دارشتن ئامێزە باسی رووکاری هەستیی و نا هەستی وەسفکراو دەکات و دەیخاتە بەردیدە، ڕەنگێکی وێنەگرتنە، چاو و دیدە دەدوێنێت، هەڵگری کۆمەڵێك مانا و دەلالەتی سەربەخۆیە لەناو دەقدا، زانیاری لەسەر بابەت و شت و کارەکتەر و شوێن دەبەخشێت، پێشبینی دەکات و مەیلی چاوەڕوانی و بەردەوامبوون و بەدوا داچوون لای خوێنەر دەورووژێنێ" (عوسمان،٢٠٠٨،ل٢٠)

له چەمکی وەسفیشدا دوو جەمسەر هەیە کە ئەویش (وەسفکەر، لەگەڵ وەسفکراو)ە، ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنج زیاتر بابەتە وەسفکراوەکەیە، بەڵام وەسفکەریش لە ڕێگەی تێڕوانین و پێناساندن و پیشاندانی وەسفکراوەوە بۆ وەرگر، ئەوە بە شێوەی ئاگایی بێت یان بە نائاگایی ئەوە گوزارشت لە دۆخی دەروونی خۆی دەکات و خوێنەر دەتوانێت لە گۆشەنیگای وەسفکەرەوە بۆ بابەتێك پەی بە دۆخی دەروونی وەسفکارەکە ببات ئەمەش بە ئامانجی بەشداری پێکردنی وەرگرە لە هەستەکانی نووسەردا.

گرنگی و بایەخی دەقە وەسفییەکانیش هەمەجۆرن لە نێوان کارە ئەدەبییەکاندا، و گرنگییەکەشی بەپێی ژانرە ئەدەبییەکان جیاوازە، چونکە هەر نووسەرێك بە پێی قەبارەی تایبەتی دەقەکەی خۆی هەوڵی بەکارهێنانی جۆرە وەسفێك دەدات نەك چەندین جۆری وەسف. لێرەدا دەکرێت بڵێین : وەسف کەرەستەیەکی هونەرییە، و هۆکار گەلێکە نووسەر دەی بەخشێتە زمان، بە مەبەستی دەربڕینی هەست و سۆزەکانی و تیشك خستنەسەر هەموو وردەکارییەکانی (کارەکتەر و شت و شوێنەکان) و گواستنەوەیان بۆ زەینی خوێنەر، لە شێوەی تابلۆی هونەریی بە بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی, ئامانج لە ئەمەش بەشداری پێکردنی وەرگرە لە هەستەکانی نووسەردا، و بەخشینی چێژ و ئیستاتیکایە بە دەقە ئەدەبییەکان.

## تەوەری دووەم: تێڕوانینی ڕەخنەگران لەسەر ئەرکەکانی وەسف

وەسف سیمایەکی تێرامانی هەیە، چونکە خەسڵەت و تایبەتمەندی بە هەموو شتێك دەبەخشێت کە بوونی هەیە، لە نێو ڕێکخستن و بوونی شتە لەیەکچووەکان و جیاوازەکاندا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە وەسف چەند ئەرکێکی جۆرا و جۆری هەیە، کە توانای هەمەجۆری پێ دەبەخشێت لە چوارچێوەی دەرکەوتن و تیشك خستنەسەر بابەتی وەسفکراو. ئەدیبان و توێژەرانیش هەوڵی زۆریان داوە ژمارەییەکی زۆر لەو ئەرکانە بخەڕوو، بۆیە لە ژمارە یان ناولێنانیان بیروڕای جیاوازیان هەبووە، ئەویش بەپێی جیاوازی بۆچونیان یان تایبەتمەندی ئەو شێوازەی کە کاریان تیادا کردووە لەڕووی بنەما و چەمك و ژانرە ئەدەبییەکانەوە، (جیرفای زانین جار) پێی وایە "هەر ژانرێکی ئەدەبی بنەماو ڕێسای دیاریکراو و تایبەت بەخۆی هەیە بەدیاریکراوی لە بابەتی وەسفیشدا ، هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکان پێگەیەکی تایبەت بەکرداری وەسفکردنەکە دەبەخشێت". (ئەلعەمامی،٢٠١٠،ل١٨٤)

لە کۆنیشدا ئەرکەکانی وەسف بە گێڕانەوە ناسرابوون، کە لە هەر شوێنێك وەسف دەرکەوتبێت ئەرکەکانیشی بەدوای دا هاتوون " تێگەیشتن و بەرجەستەکردنی ئەرکەکان بەڵگەبوون لەسەر یەکرێزی شیعری کۆن و تەواوکاری پێکهاتەکانی" (ئەلمەناعی،٢٠٠١،ل٤٠)، واتە ئەو هەمەجۆرییەی کە لە ئەرکەکانی وەسفدا هەیە بەپێی جیاوازی سروشتییانە ، هەموو ئەرکێکیش جیادەکرێتەوە لەویتر بە پێی ئەو ڕۆڵەی کە ئەنجامی دەدەن، بۆ نموونە :" گێڕانەوە لە بنەڕەتدا کاری خستنەڕووی ڕووداوەکان و سەرکێشییەکانە، بەڵام سەبارەت بەوەسف ئەرکی گەیاندنی زانیارییەکانە کە لەڕێگەی گێڕەرەوەوە دەیگەیەنێتە خوێنەر" (قسومە، ٢٠٠٠، ل٢٠٣)

لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا لەبارەی ئەرکەکانی وەسفەوە هاتووە کە " مەبەست لە ئەرک کورتکردنەوە و بەدوای یەکداهاتن و پابەندبوونەکانە لەگەڵ کۆی ئەرکەکان" (ابو طالب،٢٠١٧،ل٧)، بەڵام لە فەرەنگە ئەورووپییەکاندا بەم شێوەیە دەیناسێنن : " ئەرك و ڕۆڵێکی تایبەتمەندە بۆ ڕەگەز و خاسیەتێکی جیاوازی یەکەیەک یان نیشانەیەک لە نێو کۆمەڵێکدا و بەهاو مانای یەکەیەکی فەرهەنگی یان بوونی پەیوەندی نێوان دوو بڕ یان دوو دیاردەی جیاواز دەردەخات" ( ابو طالب،٢٠١٧،ل٩)، هەروەها (فلاز یەمیر بروب) لە بارەی ئەرکەوە دەڵێت: (( نرخاندنێکی بەردەوام و نەگۆڕە، مەبەست لە کردارەکانی کارەکتەرە لە ڕوانگەی ئاماژەکانەوە لە چوارچێوەی پلانی گێڕانەوەکەدا، لە سەر دوو بنەمای گرنگ دەستنیشان دەکرێت :

١) نابێت پێدانی ئەرک لە سەر بنەمای ئەوە بێت کە کارەکتەرەکە کەسێکی کارا و جێبەجێکارە.

٢) لە کاتی پێدانی ئەرکدا دەبێت ڕەچاوی کەسایەتی کارەکتەرەکە وەکو خۆی بکرێت، کە بوونی لە واقیعدا هەیە و نابێت لە دەرەوەی پێگەی خۆی لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا بناسرێت.( ابو طالب،٢٠١٧،ل٩)

لە پێناسینی عەرەب و ڕۆژئاواییەکانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ئەرك بریتییە لە کردەییەکی کارای ناسراو لە ڕووی ماناوە لەڕەوتی ڕووداوەکاندا، هەر لە ڕێگەی ڕووداوەکانەوە ئەرك بە شێوەیەکی بەدوای یەکداهاتوو لە کاتی ڕەفتارەکانی کارەکتەرەکان لە ناو دەقەکەدا دیاری دەکرێت. وەسف لە نێو کاری ئەدەبیدا بە چەند ئەرکێك هەڵدەستێت، ئەویش بە پێی جۆراو جۆری سروشتیان و هونەرەکانی دەقەکە دیاری دەکرێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت تیۆریستەکان لە بۆچوونەکانیاندا بۆ دەستنیشانکردنی ناو و ژمارەی ئەرکەکان بیروڕای جیاوازیان هەبووە، تەنانەت زۆرجار لە ناوهێنانی بابەتێکی پەیوەست لە دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی وەسف هاوڕانەبوونە.

ڕۆلان بارت و هاوڕێکانی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان وەسف و گێڕانەوە ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە پێویستە جەخت بکرێتەوە لە ئەرکەکانی پەیوەست بە وەسفی چڕ لە دەقی گێڕانەوەدا، هەروەکو دەڵێن:" لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وەسف و گێڕانەوەدا دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەچاوی ئەرکە گێڕاوەکانی وەسفەکە بکرێت، واتە ئەو ئەرکەی کە برگە یان دەرکەوتنە وەسفییەکانی وەسف ئەنجامی دەدەن دەبنە هۆی برەودان بە ڕەوتی گێڕانەوەکە" (بارت و هامون و ئەوانی تر،١٩٩٢، ل٧٦)

" جینێت " لە کەسە یەکەمینەکان بووە کە باسی دابەشکردنی ئەرکەکانی وەسفی کردوە و دوو ئەرکی سەرەکی بۆ وەسفکردن داناوە ئەوانیش : ئەرکی جوانکاری و ڕازاندنەوە لەگەڵ ئەرکی ڕاڤەیی و هێمایە، هەر سەبارەت بەم بابەتە " بە پێی پوختەییەك لە ئەدەبی کلاسیکی تەقلیدی لە هۆمیرۆسەوە تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دوو ئەرکی جیاوازییان خستۆتەڕوو: یەکەمیان پەیوەست بوو بە ئەرکی ڕازاندنەوە، بەڵام سەبارەت بە ئەرکی دووەمی وەسف کە خۆی دەبینێتەوە لە ئەرکی ڕاڤە و هێمایی کە زیاتر دەرکەوتووتر و دیارتر بووە لەلایان، چونکە خۆی

بەسەر نەریتەکانی ژانری رۆماندا سەپاندووە" (جینیت ، ١٩٩٢،ل٧٦-٧٧)، لەگەڵ ئەوەشدا (فلیپ هامون) تیشکی خستۆتە سەر چەند ئەرکێکی تری وەسف وەك " ئەرکی جیاکراو، کە بەدرەوشاوەترین ئەرکەکانی وەسف ناوزەندیکردووە، ئەرکی دواخستن، کە هەڵدەستێت بە دواخستنی خۆشیەکی چاوەڕوانکراو، ئەرکی ڕازاندنەوە ئەم ئەرکەی وەسف سیستەمی جوانناسی و ڕەوانبێژی لە خۆدەگرێت، ئەرکی ڕێکخستن کە ڕیزبەندیی ڕووداوە لۆژیکیەکانی چیرۆك لە خۆدەگرێت، لە کۆتایدا ئەرکی تەرکیزکردن و جەختکردنەوە کە لەڕێگەیەوە خوێنەر زانیاری زیاتری پێدەدرێت دەربارەی کارەکتەرەکە" (ئەلضاهری،٢٠١٧، ل٤٧٣)
ئەم لێدوانەی (فلیپ هامۆن) ئەوە دەردەخات کە ئەرکەکانی وەسف جیاوازە لە ڕووی ناولێنان و ژمارەیانەوە لە چاو ئەوانەی پێش خۆیدا. هەندێکی تر لە لێکۆڵەران هەوڵیان داوە ئەرکەکانی وەسف فراوانتر بکەن هەروەك (ماری ئینك جرفای-زانین جار) کە ئەرکەکانی وەسفیان لە پێنج ئەرکدا کورت کردۆتەوە کە ئەوانیش بریتین لە "ئەرکی جوانکاری و ڕازاندنەوە، ئەرکی بڵاوکردنەوەی مەعریفە، ئەرکی دواخستن، ئەرکی ڕێکخستنی ماناکان یان ئەرکی ڕاڤە و لێکدانەوە، ئەرکی بەرهەمهێنان یان داهێنکاری" (ئەلعەمامی، ٢٠١٠ ،ل١٧٦)
بەلای (ئیف ڕویتر)ەوە، وەسفکردن لە دەقدا پێویستی بە وەسفی جۆراوجۆر هەیە، جگەلەوەش ئەرکەکانی وەسف ژمارەیەکی تایبەت و دیاریکراویان نیە و زۆرجار دەتوانرێت وەسفکردنێك لە یەك کاتدا چەند ئەرکێك لەخۆبگرێت. بۆیە لە بارەی ئەرکەکانی وەسفەوە جیاواز لە نووسەرانی پێش خۆی حەوت ئەرکی لە وەسفدا دەستنیشانکردووە کە ئەوانیش ئەمانەن : " ئەرکی هەواڵی، ئەرکی ڕاڤەو لێکدانەوە، ئەرکی هەڵسەنگاندن، ئەرکی ڕێکخستن و گۆڕانکاری، ئەرکی بنیادی هونەری یان گۆڕین بۆ دەق، ئەرکی داهێنانی نووسین و خوێندنەوە، ئەرکی شوێنی" (ئەلعەمامی،٢٠١٠، ل١٨٠--١٨١)
ئەگەر سەرنج لەم گوتەیەی (ئیف ڕویتر) بدەین کە دەبینین دوو ئەرکی نوێی بۆ وەسف زیاد کردووە کە جیاوازن لەوانی پێش خۆی کە ئەوانیش (ئەرکی داهێنانی نووسین و خوێندنەوەیە لەگەڵ ئەرکی شوێن) یە.لای خۆشییەوە (جۆن میشال ئادەم) لە نووسراوەکانیدا ئاماژەیەکی کورتی بۆ هەندێک لە ئەرکەکانی وەسف کردووە : "بە پلەی یەکەم باسی لە ئەرکی گێڕانەوەی و ڕێکخستن کردووە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە وەسفکردن کار دەکاتە سەر پێکهاتەی گێڕانەوەکە و دەربڕینی، ئەویش لە ڕێگەی پێکەوە بەستنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانییەوە. هەروەها پێی وایە کە ئەرکی فێرکاریش لە وەسفدا بە بەردەوامی جەخت دەکاتەوە لە سەر گواستنەوە و بەدەستهێنانی مەعریفە، لە سەر ئەرکی ئایدۆلۆجیش بۆچوونی وایە کە دەبەسترێتەوە بە پرۆسەی ناولێنان (ناوهێنراو)ەوە، بۆیە دەبێت هەمیشە دیدگای وەسفکەر دەربڕدرێت لە سەر بابەتی وەسفکراو، جگەلەوەش تەواوی ئەم پرۆسەیە دەبێت لەڕێگەی بابەتی یان خودییەوە کارابکرێت و گرێبدرێت بە کەناڵەکانی وەسفەوە هەروەك (تێڕوانین، گوتار، کردار)"(خضار،٢٠٢٠،ل١٠٨ )
لە ڕاستیدا ناتەبایی لە دیاریکردنی جۆرەکانی ئەرکی وەسفدا لای تیۆریستەکانی ئەدەبی ڕۆژئاوایی درێژبووەتەوە بۆ لای توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبی عەرەبی ، کە لە بەرانبەردا هەوڵیانداوە لە بابەتی وەسفدا زیاتر نزیك ببنەوە، چ بە شێوەیەکی بەشەکی یاخود گشتی بێت. لەوانە (حەمید لحمدانی)، کە سنوری ئەرکەکانی وەسفی لە دوو ئەرکی سەرەکیدا باسکردووە ئەوانیش "ئەرکی جوانکاری، کە وەسف لەم حاڵەتەدا هەڵدەستێت بە کرداری ڕازاندنەوە و پشودانێك لەناوەڕاستی ڕووداوەکانی گێڕانەوەکەدا، لەگەڵ ئەرکی ڕاڤەو لێکدانەوە واتە وەسفەکە ئەرکێکی هێمای لە خۆدەگرێت و ئاماژەیە بۆ مانایەکی دیاریکراو لە چوارچێوەی دەقی گێڕانەوەکەدا " (لحمدانی،٢٠٠٠،ل٧٩)
لەم دەربڕینەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە " حەمید لحمدانی " کەوتۆتە ژێر کاریگەری " جیرار جینێت" دەربارەی نووسینەکەی کە لەسەر سنوری گێڕانەوە بووە، بە تایبەت کە ئەرکەکانی بۆ دوو ئەرکی سەرەکی دابەشکردووە. لەلایەکی دیکەوە "حەبیب مونسی"، ئەرکەکانی وەسفی لە سێ ئەرکدا کورت کردۆتەوە، کە ئەمانەش : " ئەرکی جوانکاری، ئەرکی وێنایی و ئەرکی ڕاڤەیي" ن (مونسی، ٢٠٠٣ ، ل١٧٧-١٧٩)، وەك لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە "حەبیب مونسی" ئەرکی وێنایي بۆ گوتەکانی "حەمید لحمدانی" زیادکردووە، کە لە پێشوودا باسمانکردووە. هەر لە سەر ئەم بنەماییەش " ئامینە یوسف" ئاماژەی بە سێ ئەرك کردووە، ئەوانیش " ئەرکی جوانکاری (ڕازاندنەوە)، کە تیایدا گێڕەرەوەکان تەرکیزیان کردۆتە سەر (گوتەی نەخشێنراو) بۆ بەهێزکردنی دەربڕین و ڕەوانبێژی، ئەرکی ڕاڤەیی دەلالی، وەسف لێرەدا هەڵدەستێت بە خستنەڕووی ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەر، هەروەها ئەرکی فریودان، لەم جۆرەدا ڕۆماننوس خوێنەر بەجیهانی ڕۆمانەکەی ئاشنا دەکات و لەڕووی واقیع و حەقیقەتەوە وەسفی کارەکتەر و ڕووداوەکان دەکات بەو شێوەیەی کە لە خەیاڵی خۆیدا بوونی هەیە، بە شێوازێك کە ببێتە هۆی فریودان و بەهەڵەدا بردنی خوێنەر" (یوسف،٢٠١٥، ل١٤٣-١٤٤)
"صادق ئەلقسومە" ش ئەرکەکانی وەسفی بەم شێوەییە پۆلێکردنەووە : " ئەرکی هەواڵی، ئەرکی پەرەپێدان، ئەرکی گۆڕانکاری، ئەرکی نواندن، ئەرکی تەعبیرکردن، ئەرکی دەربڕینی ناخ و دەروون، ئەرکی ڕازاندنەوە، ئەرکی بەرهەمیهێنانی مانا، ئەرکی هێمایی" (قسومە،٢٠٠٠،ل٢١٠)
"محەمەد نەجیب ئەلعەمامی "بە ڕوونی و بەباشترین شێواز و بەفراوانی هەموو لایەنەکانی پەیوەست بە دەستنیشانکردن و جۆراو جۆری ئەرکەکانی وەسفی خستۆتەڕوو کە ئەوانیش (ئەرکی جوانکاری, ئەرکی ڕاڤەکردن، ئەرکی هێمایی، ئەرکی وێنایی، ئەرکی گێڕانەوەیی، ئەرکی ئایدۆلۆجی و بەهاکان و ئەرکی داهێنان) ن (ئەلعەمامی،٢٠١٠، ل٥٣-٥٥)
سەبارەت بە نووسەران و توێژەرانی کوردیش بە هەمان شێوەی لێکۆڵەرە ئەورووپییەکان و عەرەبەکان لە هەوڵی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەرکەکانی وەسفدا بوونە، وەکو یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی دەقی گێڕانەوە، چونکە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بەرەو پێشچوونی ئەدەبیات و سەرهەڵدانی چەندین تیۆری ئەدەبی نوێ لە ئەنجامی بیر و ڕای نوێ و جیاوازەوە، چەمک و مەبەست و ئەرکی وەسفیش گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە و لەو "قەوارەییە دەرچووە کە تەنیا ئەرکی زمان بگێڕێ، و بگرە پاشان کۆمەڵێ چەمکی نوێی لە

خۆگرتووە کە گرنگترینیان چەمکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بووە " (عەلی،٢٠١٧،ل١٩١)، دیارە بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی چەمکی وەسف، دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئەرکی وەسفیش لە دەقە ئەدەبییەکاندا گۆڕانکاری بەسەردابێت، ئەگەر پێشتر ئەرکی وەسف تەنیا بەخشینی ئیستاتیکا و جوانیەك بە دەقەکە بوویێت ئەوا ئێستا کۆمەلێك ئەرکی دیکەی دەکەوێتە ئەستۆ. بۆ دیاریکردنی ئەرکی وەسفیش لە نێو دەقی ئەدەبی دا " سەنگەر قادر" بە شێوەیەکی گشتی سێ ئەرکی بۆ وەسف دەستنیشانکردووە کە ئەمانەن:

١. بەخشینی ئیستاتیکا و میلۆدی بەدەق.

٢. بەخشینی زانیاری و ڕوونکردنەوەی خەسڵەتە ناوەکی و دەرەکییەکانی پاڵەوان وکاراکتەر.

٣. بەخشینی چەمکی واقیعی بەدەق. (حاجی، ٢٠٠٩،ل١٩٨)

" نەجم ئەلۆەنی "یش، ئاماژەی بە پێنج  ئەرکی وەسفکردووە کە پێکهاتوون لە :

١. لە ڕۆمانی تەقلیدی دا ڕۆماننووسان بۆ نزیکردنەوەی تێکست لە واقیعەوە پەنایان دەبردەبەر وەسفی شوێن و کارەکتەرەکان.

٢. لە ڕۆمانی تەقلیدا، ئەرکی گرنگی وەسف ڕازاندنەوەی دەقەکە و دروستکردنی دیکۆر و چوارچێوە بووە بۆ ژینگەی کەسێتیەکان.

٣. ڕۆماننووسی کلاسیکی سوودی لە وەسف وەرگرتووە بۆ ئەوەی وێنەیەکی مادی بەرجەستەکراوی کەسێتیەکان بخاتە بەرچاوی خوێنەر.

٤. وەسف ئەرکی گەیاندی کۆمەڵێك واتای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لە ناو تێکستی کۆمەڵایەتی و نوێ دا دەگێڕێت.

٥. وەسف دەتوانێت جۆرە پشوییەك بە خوێنەر بدات بە تایبەتی دوای خوێندنەوەی هەندێك ڕووداوی وروژێنەر. (ئەلوەنی،٢٠٠٤، ل٣٠٨-٣٠٩)، لەلایەکی دیکەوە " تانیا ئەسعەد " باسی لە سێ ئەرك بۆ وەسفکردووە، کە ئەوانیش:(ئەرکی ڕازاندنەوە، ئەرکی ڕاڤەکردن، ئەرکی وەهمی) ین (ساڵح ،٢٠٠٦،ل١٨٨-١٩٠)،  لە هەموو ئەوانەی پێشوودا کە خراوەتەڕوو بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەرچی تێڕوانین و بیروبۆچوونی ڕەخنەگران سەبارە بە ئەرکەکانی وەسف جیاواز بوویێت،  بەڵام پێداچوون و پێکەوە گرێدراوییەك لە نێو ئەرکەکانی وەسفدا هەیە، تەنانەت زۆرجاریش لەیەك بابەتی وەسفیدا لەلایەن نووسەری دەقی ئەدەبییەوە چەند ئەرکێکی وەسف بۆ گەیاندنی یەك مەبەست بەکارهێنراون .

## بەشی دووەم: ئەرکەکانی وەسف لە دەقی واڵای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی)ی شێرکۆ بێکەسدا

بێگومان بەهۆی ئەو ڕۆڵ و گرنگییەی کە وەسف لە نێو دەقی ئەدەبیدا دەیگێڕێت،  چەندین ئەرکی دەکەوێتە سەر، کە هیچی کەمتر نییە لە ئەرکی ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەی ئەدەب. شاعیریش بە مەبەستی دەرخستنی لێهاتوویی و توانای شێوازی شیعریی خۆی و سەرنجراکێشانی خوێنەر و ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەقەکەدا، گرنگییەکی زۆری بەم هونەرە و ئەرکەکانی داوە، کە ئێمەش لێرەدا ئاماژە بەو ئەرکانەی وەسف دەکەین کە شێرکۆ بێکەس لە نێو ئەم دەقەدا بەکاریهێناوە.

### ١. ئەرکی جوانکاری و ڕازاندنەوە :

بە بۆچوونی زۆرینەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی، ئەرکی هەرە لە پێشینەی وەسف لە نێو دەقی ئەدەبی دا، ڕازاندنەوە و بەخشینی جوانییە بە تێکست، کە هاوشانە لەگەڵ بەخشینی چێژی ئەدەبی بە دەقەکان. کە ئەمەش ئامانج لێی بەخشینی فۆرمێکی ئیستاتیکییە بە دەقە ئەدەبییەکان، ئەرکی جوانکاری لە ڕاستیدا خاوەن ڕەهەندێکی ڕازاندنەوە و نەخشاندنە و زۆرجار دەتوانرێت بە وەسفی پوخت و بێگەرد ناوبیرێت. (قسومە،٢٠٠٠،ل٢٦٢)، کە ئامانج لەوەش دروستکردنی کاریگەریی دەروونییە لە سەر وەرگر، ئەویش لەڕێگەی خستنەڕووی وێناکردنی دیمەنێکی واقیعی و دروستکردنی کاریگەرییەکانی شیعرە لە سەر خوێنەر.

ئەم ئەرکە وەسف بە پێکهاتەو سیستەمێکی جوانکاری ڕەوانبێژییەوە دەبەستێتەوە کە تیایدا وەسفەکە بە ئەنجامدانی ئەرکی جوانکاری جیادەکرێتەوە، کە ئەویش " پەیوەستە بە ئەندازەی شێوە و جوانییەکانی زمان و، زاڵە بەسەر ئەو دەقانەی کە نووسەر تیایدا دەیەوێت لێهاتوویە هونەری و تواناکانی لە سەر وێناکردن و خەیاڵ و چواندن دەربخات " (ئەلزەبنی، ٢٠٢٣،ل٣٤٤-٣٤٥)، لێرەدا وەسفەکە " شتە وەسفکراوەکە نزیك ناکاتەوە لە سەرچاوە واقیعییەکەیەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئەنقەست لە یەکتر دووریان دەخاتەوە، چونکە مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم کارە ئەوەیە کە ئەو واقیعە وەکو خۆی کۆپی نەکاتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی دروستکردنی زمانێکەوە پیشانی دەدات، کە ئەو زمانەش دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆی " (هامون،٢٠٠٣، ل٢٠٥)، کەواتە بەهۆی زمانەوە دەتوانرێت دەق برازێنرێتەوە " بەوەی زمانێکی دەوڵەمەندی تیادا بەکاربهێنرێت، لەڕووی ڕەوانبێژییەوە، بە بەکارهێنانی زمانی شیعری و وێنەی جوان و، دەستەواژەی بەهێزی واتای و دەلالەت، تەنانەت دەنگیی پیتەکانیش، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ڕازاندنەوە و نەخشاندنی دەق " (سەعید،٢٠١٣،ل١٥٢)، شاعیر لە بنیاتی دەقی واڵای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) دا لە ڕێگەی بە کارەکتەرکردنی (پاسکیل و شاتوو)ەکەوە و لەڕێی زمانی (پاسکیل)ەکەوە وەسفێکی جوانی (شاتوو)ەکە دەکات کە تیایدا گرنگی بەم جۆرە ئەرکەی وەسف داوە و دەڵێت:

**سەرم نابوو بە قەدیەوە**

**سەرم نابوو بە دڵیەوە وەکو ئەوەی سەرم نابێ بە دڵی**

**داڤینشیەوە...**

**گوێچکەم نابوو بە دیرۆك و بە خەمبەوە**

**گوێچەکەم نابوو بە دڵیەوە**

**گوێم لە چینەکانی توێکڵ و**

**گوێم لە ڕازی عومری ئەگرت**
**گوێم لە چرپە چرپی گەڵا و**
**گوێم لە حیکایەتی قوڵی**
**ئاخاوتنی ڕەگی ئەگرت...(شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٢٠)**

لێرەدا شاعیر پتر بایەخی بە جوانکاریی وشە و ڕستەکان داوە و هەوڵیداوە زۆر بە وردی هەڵیبژێرێت، تاکو بتوانێت ئەرکی سەرەکی جوانکاری لە دەقەکەدا بنیات بنێت، بە دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشەکانیش ئاواز و مۆسیقایەکی جوانی بە دەقەکە بەخشیوە و خوێنەر زیاتر چێژی لێ دەبینێت. هەروەها شاعیر لە ڕێگەی وەسفەوە سیفەتی مرۆڤبوونی بە (شاتوو)ەکە بەخشیوە و چەند سیفاتێکی داوەتە پاڵ کە تەنها لە مرۆڤدا هەیە، وەك (ڕاز، چرپەچرپ، ئاخاوتن)، مەبەست لەمەش دەرخستنی جوانی شێوازی نووسەر خۆیەتی لەگەڵ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ بابەتە وەسفکراوەکە. هەروەها شاعیر لە شوێنێکی دیکەی نێو دەقە واڵاکەیدا بۆ وەسفکردنی چیرۆکی خۆشەویستی نێوان دوو چۆلەکەی جوانی(کورد و تورکومان) گرنگی بە ئەرکی جوانکاری داوە و دەڵێت :

**زۆر دەمێك بوو**
**چۆلەکەیەکی نێری قۆزی تورکومان**
**شەیدای کچە چۆلەکەیەکی کورد بوو بوو**
**کچە چۆلەکەکە هێندە جوان و شۆخ و شەنگ بوو**
**وەختێ ئەچووە بەر پەنجەرەی بەرزی گەڵا و**
**قژ و شان و ملی ڕووتی خۆی دەرئەخست**
**چۆلەکەی کوڕ ئاگری دەگرت..( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٢٨)**

لێرەدا شاعیر ئەو وەسفەی کردویەتی ئەرکی جوانکاری بینیوە، چونکە شاعیر بایەخ و گرنگیەکی زۆری بە زمان و هەڵبژاردنی وشەی جوان داوە لە وەسفکردنەکەیدا، هەروەها بە دووبارەکردنەوەی دەنگ و دانانی هەر سێ وشەی (جوان، شۆخ، شەنگ) لە تەنیشتی یەکتری ئاواز و مۆسیقایەکی جوانی بە دەقەکە بەخشیوە و خوێنەر چێژی لێ دەبینێت، هەوەها شاعیر (ئاگر)ی بۆ کێڵگەی واتایی خۆی بەکارنەهێناوە وەك لای هەمووومان ئاشکرایە، بەڵکو بۆ واتایەکی دیکە خواستوویەتی کە بریتییە لە عاشقبوون و شەیدابوونێکی لە ڕادەبەدەر کە لە ناخەوە دەسووتێت بۆ کچەکە تا ئەو پەری سووتان، کە ئەمەش یاریکردنێکی جوانە بە زمان کە لە ڕێگەیەوە وەسفێکی جوانی چۆلەکەی کوڕی کردووە.

شاعیر لە شوێنێکی دیکەدا کە وەسفی شاری کەرکوك و پێکهاتەکانی کردووە و بەهەمان شێوە ئەرکی جوانکاری و ڕازاندنەوەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**لەم کۆڵان و جادانەدا**
**لەم بازار و ماڵانەدا**
**ڕەنگێك نییە بێ من ڕەنگی تاقانەم**
**دەنگێك نیە بێ من دەنگی تاقانەم**
**ئێرە باژێری جیاوازی پەیڤەکانە**
**خۆی یەك کە مانچەی گەورەیە و**
**بەڵام سەدا و دەنگدانەوەی**
**بە... سەدانە...**
**خۆی یەك دایکە**
**بەڵام کوڕ و کچی نەوەی**
**بە هەزاران هەزارانە...( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٣٣)**

لێرەدا شاعیر ئەو برگە وەسفییانەی کە بەکاریهێناوە زیاتر ئەرکی ڕازاندنەوە و ئارایشتی دەقیان بینیوە، چونکە ئامانجی شاعیر تەنها بەخشینی چێژ و سیمایەکی ئیستاتیکی بووە بە دەقە شیعرییەکە، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگیەکی زۆری بە بەکارهێنانی زمان داوە، لە پێناوی دەرخستنی توانا و شێوازی شیعری خۆی بۆ خوێنەر، ئەویش بە دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشەکان لە پێکهاتەی دەقەکەدا کە ئاواز و مۆسیقایەکی جوان بە دەقەکە دەبەخشێت و خوێنەریش چێژی لێ دەبینێت. بۆیە هاتووە وەسفی جوانییەکانی کەرکوکی کردووە بە شارێکی فرە ڕەنگ و فرە دەنگ، کە وەکو کەمانچەیەکی گەورە وایە سەدان دەنگ و ئاوازی جیاوازی تێدایە، وەکو دایکێك هەموو پێکهاتەکانی لە باوەشگرتووە.

## ٢.ئەرکی ڕاڤەو لێکدانەوە:

ئەم جۆرەی ئەرکی وەسف بریتیە لە ڕاڤەکردنی ڕەفتاری کەسایەتییەکان و بارودۆخ و پەیوەندییەکانیان، بۆیە دەکرێت بوترێت " ئەو وەسفانەی کە هەڵگری ئەرکی ڕاڤەیی یاخود هێماییین، دەبن بە بەشێك لە پێکهاتەی گشتی واتای دەقەکە و ناکرێت پشتگوێ بخرێن، بەڵکو دەبێت خوێنەر زۆر بەوردی و وریایەوە بیان خوێنێتەوە " (مەجید،٢٠٠٨،ل١٥)، چونکە جۆرێکی پێشنیار و ئاماژەیە لە ڕێگەی لێکچواندن و

میتافۆرەوە تێڕوانینێکی گشتیمان پێ دەبەخشێت، لە سەر دەروونی کەسەکان و پەیوەندییەکانیان بە شوێن و ئاماژە جۆراوجۆرەکانەوە بە شێوازێکی گشتگیر، لێرەدا وەسفی ڕاڤەو لێکدانەوە دەبێتەهۆی بەهێزی لایەنی ڕەوانبێژی و پێگەی دەقەکە (ئەلخەفاجی،٢٠١٢،ل٤٤٤), بۆیە وەسف کاتێك ئەرکێکی ڕاڤەیی وەردەگرێت " توانای زیاتر لە خوێندنەوەییەك هەڵدەگرێت، هەڵگری دوو جۆر لە واتاشە، کە ماناکانیان لەیەك نزیکن و لەلایەکی تریشەوە واتاکانیان دوور لەیەك و شاراوەن" (بوجفجوف،٢٠٠٩، ل٥٧)، ئەم ئەرکە دەتوانرێت بدۆزرێتەوە لە ڕێگەی پەیوەندی پێکەوە بەستراو لە نێوان وەسفکراوەکاندا لە ناو یەك بڕگەدا، یان لە ناو چەند بڕگەیەکی هەڵبژێردراودا. ئەم جۆرە ئەرکە لە دەقی والای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) دا بەدیدەکرێت وەك لەو گوتەیەی کە دەڵێت:

**بۆیەکەمجار لە گەڕەکی شۆڕیجەدا گیرسامەوە**

**لەناو کوردا, من دەست و پێم کرایەوە**

**لە گەڕەکی شۆڕیجەدا و, لەکۆڵانێکی خشت ڕێژدا...( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل١٨)**

لێرەدا شاعیر لە زمانی پاسکیلەکەوە وەسفی ئەو گەڕەکە دەکات کە بۆ یەکەمجار (پاسکیلە کەرکوکی) یەکە تێیدا نیشتەجێ بووە، کە (گەڕەکی شۆڕیجە)یە و یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری کەرکوك و زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن. لێرەدا گوتەی (دەست و پێم کرایەوە) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەکو هێمایەك بەکارهێنراوە بۆ وەسف کردنی کورد لە کەرکوکدا، کە میللەتێکی ئازادی خوازە و خەزیی لە گیانی پێکەوە ژیانە، بۆیە کە پاسکیلە کەرکوکییەکە دەچێتە کەرکوك و گەڕەکی شۆڕیجە هەست بە ئازادی دەکات لە ناو کوردا لە چاو نەتەوەکانی تردا، کە ئەمەش بایەخ و گرنگی کورد دەردەخات لە کەرکوکدا. پاشان شاعیر هەر لە ڕێی زمانی (پاسکیلە کەرکوکی) یەکەوە لە چەند دێڕێك دواتردا و لە ڕێگەی ئەرکی ڕاڤەییەوە وەسفی کورد لە کەرکوکدا بۆ خوێنەر دەکات و دەڵێت :

**خانوویەك بوو**

**بە تەمەن وەك پیرەمێردێکی سەد ساڵە و بەڵام**

**بە جەستە قایم و تۆکمە و بەتین، دیواربەردین،**

**لە ناوەڕاستی حەوشەدا. شاتوویەکی گەورەی تیابوو.**

**شاتووی سپی پەل و پۆدار، چڕ چڕ و هەتاو نەیئەدا**

**لەبنی و سەری چوو بوو بە ئاسماندا و پژوپۆ**

**هەتا ماڵە دراوسێ هاویشتبوو...( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل١٨)**

شاعیر لێرەدا ئەو وەسفەی کە بەکاریهێناوە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەکەوێتە سەر توانای تێگەیشتنی خوێنەر، چونکە زیاتر لە ڕێگەی ڕەمزەوە وەسفکردنەکەی ئەنجامداوە. وەکو (خانوو)ەکە کە لێرەدا ڕەمزە بۆ کورد، واتە کورد مێژوویەکی کۆنی لە کەرکوکدا هەیە و ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی بەو شارە بەخشیوە، کە ئەگەرچی تەمەنیشی بەقەد پیرەمێردێکی سەد ساڵە بێت لەو شارەدا، بەڵام توانایەکی بەهێزی لە بەرگریکردن و بەرخودان لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیدا هەیە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ببێتە هێزێکی کاریگەر لە کەرکوکدا. دواتر شاعیر بێ ناوهێنانی ڕاستەوخۆ درێژە بە وەسفەکەی دەدات, وەك(شاتووی سپی) کە لێرەدا شاعیر بۆ(کورد)ی خواستووە، ڕەنگی(سپی) یش ڕەمزی (ئاشتی و ئارامی و پێکەوە ژیانە)، کەواتە شاعیر مەبەستێتی پێمان بڵێت کە کورد میللەتێکی ئاشتی خوازە و خەزیی لە ئارامی و پێکەوە ژیان لەگەڵ هەموو نەتەوەکاندا هەیە، و نەتەوەیەکی سەر بەرز و سەرفرازە. شاعیر لە شوێنێکی دیکەی نێو(یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) دا، بەهەمان شێوە لە وەسفکردنی گەڕەکی"کۆماری"دا کە گەڕەکێکی کوردی هەژار نشینە، لە ڕێگەی ئەرکی ڕاڤەییەوە باس لە ئێش و ئازارەکانی ئەو گەڕەکە دەکات لە کاتی ڕووخانیدا و دەڵێت :

**گەڕەکی"کۆماری"**

**پیاوەکانیان بۆنی هەژارییەکی ڕووتەڵە و**

**ژنەکانیان بۆنی ڕەیحانە و بۆنی**

**ساکاری ئاویان لێ دێ...( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٤٢)**

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی وەسفێکەوە کە ئەرکی ڕاڤەیی هەیە، گوزارشت لە بارودۆخی خەڵکی گەڕەکی کۆماری شاری کەرکوك دەکات، کە ئەوەندە هەژار بوونە پیاوەکانیان ڕەش و ڕووت و نەدار و بێ بەرگ بوونە، واتە لە خراپترین بارودۆخی ژیاندا بوونە، دواتر شاعیر(ڕەیحانە)ی وەکو هێمایەك بۆ(وەفاداری) لە دەوری ژن هێناوەتەوە، کە دەیەوێت پێمان بڵێت سەرەڕای ئەو بارودۆخە داراییە خراپەی پیاوەکانیان، بەڵام ژنەکانیان بە وەفاو دڵسۆز بوونە بۆ پیاوەکانیان و لە هەموو باردۆخێکدا پشتی پیاوەکانیان گرتووە.

### ٣.ئەرکی گێڕانەوەی:

ئەم ئەرکە مەبەست لێی فاکتەرە بەشداربووەکانە لە بوونیادی یەکەی گێڕانەوەکەدا، لەگەڵ زیادکردنی پاڵنەر و جوڵەو بەهای هونەری بۆ پرۆسەی گێڕانەوەکە، لێرەدا وەسفکردن لە شوێنە گرنگ و هەستیارەکانی دەقی گێڕانەوەکەدا دەردەکەوێت " سەرەتا (دەستپێك) بە یەکێك لە خاڵە گرنگ و دیارەکانی دەرکەوتنی کرداری وەسفکردنەکە دادەنرێت، بە تایبەتی ئەگەر وەسفەکە لە شێوازە کۆنەکانی گێڕانەوە بێت و لە نموونەی شوێنی نواندن بێت " (شاوی،٢٠١٦،ل٢٦٨)، چونکە ئەرکی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر یا گوێگر یا بینەر بۆ بابەتە وەسفکراوەکە لە ئەستۆ دەگرێت،بەنەبوونی ئەم لایەنەش سەرنج و مەبەستی دەقەکە بە جوانی دەرنابڕدرێت. (ستار، ٢٠٠٣،ل٨٤)

وەك گوتاری گێڕانەوە گوتاری شیعریش توانای چڕکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وەسف و گێڕانەوە کەم ناکاتەوە، چونکە زیندوویەتی وەسف لە شیعریشدا بوونی هەیە و یەکێکە لە ڕاسترین دەربڕینەکانی گوتاری شیعری و ڕەگەزەکانی لەگەڵ پێکهاتەی گێڕانەوەدا تێکەڵ دەبێت.(بوقلقول و بولفوس،٢٠٢٣، ل٤٠٢)

دەلالەتکردن لە وەسف لە دەقەکانی گێڕانەوەدا بە گرنگ و پێویست دادەنرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان وەسف و گێڕانەوەدا،کە دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونی گۆڕان و لێکدانەوەکان، واتە وەسف بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی دەستپێکردن و کرانەوەی بنیاتی هونەری گێڕانەوە دەژمێرێت مەبەستیش لە دەستپێکردن یان بنەماکانی کرانەوە ئەوەیە کە " نووسەر هەوڵدەدات جۆرە زانیارییەك بخاتەڕوو کە وەك دەروازەیەك بێت یارمەتی خوێنەر بدات لە بە دواداچوونی گێڕانەوەکە و تێگەیشتن لە ڕووداواکانی، و ئامانجی نووسەریش لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکی ئەرکە ئەوەیە کە خوێنەر بچێتە جیهانێکی نادیارەوە و داهێنان بکات، بە پێدانی پاشخانی ئەم جیهانەش خوێنەر لە کاتی خوێندنەوە یان پاش خوێندنەوەدا دەتوانێت بە دەرئەنجامەکانی گێڕانەوەکە بگات، واتە لێرەدا ڕابردو و داهاتوو بە دوو لایەنی جەوهەری دادەنرێت لە بنیاتی دەستپێکی گێڕانەوەکەدا" (حەبیلە، ٢٠١٠،ل١١٣)، لە نموونەی ئەم جۆرە ئەرکە لە نێو (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) دا زۆر بەرچاو دەکەوێت، لای خوارەوە چەند نموونەیەکی دەخەینەڕوو وەکو ئەم نموونەیە کە دەڵێت :

**ئەرەنست میشۆ!**
**تۆ هەر نەخشەو گفتار نەبووی**
**تۆ هەنگاوی ناو کردار بووی**
**تۆ باپیرە گەورەی ئێمەی... ئێمەی پاسکیل.**
**سوپاس بۆ تۆ**
**لە دنیادا شتێك نییە بێ دیرۆك و**
**بێ ڕەچەڵەك**
**مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەك، هەموو شتێ**
**ئەبێ ڕەگێکی هەر هەبێ**
**ڕەگی ئێمەیش دەمارێکی هەرە گەورەی**
**ئەچێتەوە لای دەستی تۆ...**
**دیسانەوە... ئێمەی پاسکیلیش وەك ئێوە،**
**وەکو مرۆڤ چەندین قەومین... چەندین ڕەگەز :**
**سنجەر**
**هامبەر**
**لۆکس...هتد(شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل١٦)**

لێرەدا شاعیر ئەو وەسفەی بەکارهێناوە ئەرکی گێڕانەوەیی هەیە، بەهۆی ئەوەی سەرەتا لەسەر زاری پاسکیلەکەوە, وەسفێکی (ئەرنست میشۆ) ی کردووە کە داهێنەری پاسکیلە و دەڵێت تۆ تەنها هەر نەخشەی پاسکیلت نەکێشاوە و قسەت لە سەری کردبێت، بەڵکو لە واقیعدا بەرجەستەت کردووە و بۆیە تۆ باپیرە گەورەی ئێمەی پاسکیلی و سوپاست دەکەین، دواتر بەبێ وەستان درێژەی بە ڕەوتی گێڕانەوەکەی داوە و ئاماژە بەو دەکات چۆن هەموو شتێك چیرۆك و ڕەچەڵەك و ڕەگێکی خۆی هەیە، بەهەمان شێوە ئێمەی پاسکیلیش ڕەگێکمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەرنست میشۆ و چەند ڕەگەزێکمان هەیە وەك سنجەر و هامبەر و لۆکس. لە پارچە شیعرێکی دیکەدا، ئەو وەسفەی شاری کەرکوکی پێکردووە ئەرکی گێڕانەوەیی هەیە، کە دەڵێت:

**کەرکوك و چێشتی مجێورم لە یەك دەچن**
**کەرکوك و پەلکەڕەنگینە وەکو یەکن..**
**لە "موسەڵا" بۆنی دار لیمۆ و تورکومان هەریەك بۆنن**
**لە "ئازادی" دوو ئاوانی دەنگی مەردان و مێژووی**
**"مەلا جەمیل" تێکەڵ بەیەك ئەبن..**
**لە گەڕەکی "حەدیدیەکان" شیعر و چیرۆکی عەرەبی**
**لە هێشووی دارخورمان ئەچن..**
**لە ئێستادا, لەیەك کاتدا, ئەم کەرکوکە**
**چوار پێنج دەموچاوی هەیە**
**هەر ئەم شارە خۆی یەکێك و بەڵام**
**چوار پێنج عاشق و دڵداری هەیە...( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٢١-٢٢)**

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی وەسفێکەوە کە ئەرکی گێڕانەوەیی هەیە، لەسەر زمانی (پاسکیلە کەرکوکی) یەکەوە دەیەوێت مێژووی کۆن و نوێی شاری کەرکوك بگێڕێتەوە، شاری کەرکوکیش بە هۆی ئەوەی شاری پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتەکانە، بۆیە شاعیر هاتووە(هەموو پێکهاتەکانی کەرکوکی) بە (چێشتی مجێوەر) دەچوێنێت کە ئاماژەیە بۆ (ئاوێتەبوون)، واتە هەموو پێکهاتەکان ئاوێتەی یەکدی بوونە. دواتر هەر لە ڕێگەی وەسفەوە جارێکی دیکە(هەموو پێکهاتەکانی کەرکوکی) بە (پەلکەڕەنگینە) دەچوێنێت، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ (تێکەڵاوبوون)، واتە کەرکوك شارێکی فرە ڕەنگە. پاشان بەردەوامی بە ڕەوتی گێڕانەوەکەی داوە، و وەسفی گەڕەکە کۆنەکانی کەرکوك و پێکهاتەکانی ناوی دەکات، لەوانەش گەڕەکی (موسەڵا) کە گەڕەکێکی کۆنی کەرکوکە و زۆربەی دانیشتوانەکەی تورکومانن، وگەڕەکی(ئازادی) کە گەڕەکێکی کوردنشینە و لەڕێگەی دوو کەسایەتی ناوداری کوردەوە وەسفی ئەو گەڕەکە دەکات، کە ئەوانیش(عەلی مەردان) هونەرمەندی دیار و (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) نووسەری بەتوانای کوردە، گەڕەکی (حەدیدیەکان) یش دانیشتوانەکەی عەرەبن، لە ئێستاشدا هەموو ئەم پێکهاتانە پێکەوە لە کەرکوکدا دەژین, و دەستیان بە جوانی ئەو شارەوە گرتووە و لە ڕووخان و لە ناوبردن پاراستویانە و هەمووان عاشق و دڵدارین. شاعیر لە نموونەیەکی دیکەی دەقی والای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) ئەو وەسفەی کە بەکاریهێناوە ئەرکێکی گێڕانەوەیی هەیە، وگێڕانەوەکەشی لە ڕێگەی یەك گێڕەرەوە ئەنجام نەداوە، بەڵکو ڕێی بۆ چەندین کارەکتەریتر خۆشکردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵ لە گێڕانەوەی دەقەکەدا ببینن، وەکو(شاتوو، پاسکیلە سوورەکە) کە دەڵێت:

**منی شاتوو شاتووی یەك ڕەگەزی دیاری**
**چۆلەکە نیم...**
**چەترێکی یەکجار گەورەم و**
**دەستی هەمووان هەڵیان داوم...**
**بابڵێین من گوڵدانێکم**
**بۆ هەمووانە... ئەم گوڵدانەش شارەکەیە.....**
**بارانی خوێنی خەڵکەکەی**
**هەمیشە بە لێزمە بووە**
**من ڕەگازووی وڵاتێکم**
**هەتا ئێستایش... سەری لە نێو تەمتومانی کارەسات و**
**دەست و قاچی لە بەرگری و بەرخودانە**
**ناوەکەیشی کوردستانە...( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٢٥)**

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی گێڕەرەوەی هەمانشتزان کە ئەو گێڕەرەوەیە هێندەی کەسانی ناو دەقەکە زانیاری هەیە، چونکە بەشێکە لەوان و لە ناوەوەی دەقەکەیە(عەلی و عەبدوڵلا،٢٠٢٣، ل٦٥)، کە (شاتوو) ەکەیە وەسفکردنەکەی لە نێو دەقەکەدا بەئەنجام دەگەیەنێت، هەروەها شاعیر لێرەدا تەکنیکی فرەدەنگی کە" پشت بە چەندین گۆشەنیگا و هەڵوێستی فیکری و تێڕوانینی ئایدۆلۆژی جیاواز دەبەستێت، و زەمینەسازی لە سەر کارەکتەر و گێڕەرەوە و وەرگر یا خوێنەر دەکات " (حەمە ئەمین٢٠٢٠، ل٧٩)، لە نێو دەقەکەدا بەکارهێناوە و هەر بۆیەش کارەکتەری (شاتوو)ی هێناوەتە نێو گێڕانەوەکەوە، بە مەبەستی ئاشنا بوونی خوێنەر بە کارەکتەرەکە. کە لێرەدا شاتووەکە وەسفی خۆی دەکات بەچەترێکی گەورە کە هەموو پێکهاتەکان پێکەوە هەڵیان داوە. پاشان لە ڕێگەی وەسفەوە درێژەی بە ڕەوتی گێڕانەوەکەی داوە، و وەسفی شاری کەرکوك دەکات وەك شارێکی کوردستانی کە مێژوویەکی پڕ لە کارەساتی هەیە، و تاکەکانی بەهۆی نەبوونی ئازادی و ڕادەربرین هەمیشە خوێنیان وەکو لێزمەی باران باریوە لەسەر ئەم خاکە، و بوونەتە قوربانی کەلتور و ئاین و جیاوازی شوناسی. هەروەها شاعیر جەخت لەسەر ئەم شارە دەکاتەوە وەك بەشێکی دانەبڕاو لە مێژوو و داب و نەریتی کوردستان. شاعیر لە نموونەیەکی دیکەدا لە نێو (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) دا لە ڕێی زمانی (پاسکیلە کەرکوکی) یەکەوە وەسفی ئەو گردە ترسناکە دەکات کە وەختێك ئێوارەی لێ بهاتایە بەلایدا تێدەپەڕی و دەڵێت :

**لەسەر ڕێی گەڕانەوەمدا بۆ ماڵێ**
**ئەبوایە من بەلای گردێکدا تێپەڕم...**
**گردێك بە سامتر لەشەوی ناو دەربەند و**
**گردێك ترسناك چون مەرگ و**
**شپرزەیش وەك خەیاڵەکانی ناو سەرم.**
**ئەبوو بەوێدا تێپەڕم**
**بەلای"گۆڕستانی غەریبان" دا بڕۆم...**
**ساڵانێکە شەو لە دوای شەو**
**ساڵانێکە لەم گردەدا و هەر لێرەدا**
**بەسەدان هەتاوی سووم ونجرِ ونجرِ**

**كراوە بەژێر خۆڵەوە...**
**جگە لەخوا... نەشار و نەکەس نەیزانی**
**ناویان چی بوو؟ !**
**جگە لە خوا و ئەمن و کەرکوك**
**نە مزگەوت و نە کڵێسە و**
**نە خەڵکی پارێزگا و نە شەقام و نە هیچ کۆڵانێك**
**نەیانزانی ئەو چیرۆکە گیراوانە**
**کەی بران و چۆن بران و چۆنیش مردن؟**
**"گۆڕستانی غەریبان" بە تەنها هەر هی کوردە**
**خودای گۆڕستان ئەویش هەر**
**فرمێسکێکی چاوی کوردە...( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٣٠)**

شاعیر لێرەدا وەسفکردنەکەی ئەرکی گێڕانەوەی هەیە لە نێو دەقەکەدا، و لە پێشەکیدا وەسفی گردەکە دەکات بە گردێکی زۆر سامناك و ترسناك کە هێندە بەسامبووە هەموو کەسێك توانای چوونە ئەو شوێنەی نەبووە، چونکە وەکو مەرگێکی لەناکاو بووە کە بێت و بەرۆکی مرۆڤ بگرێت. مەبەستی شاعیریش لەم وەسفکردنە درێژکردنەوەی رەوتی گێڕانەوەی رووداوەکانە، پێش ئەوەی وەسفی رووداوە سەرەکییەکەمان بۆ بکات. پاشان درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات و لە رێگەی تەکنیکی (فلاشباك) کە یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە و مەبەست لێی" هێنانەوەی رووداوێکی ڕابردووە لە رێی زەینی کارەکتەرەکانەوە و تێکەڵکردنی لەگەڵ ئێستا..." (قازی و حسن،٢٠٢١، ل٧٢)، گەڕاوەتەوە بۆ (سالآنێك) پێش ئێستا، و وەسفی کۆمەڵێك چیرۆکی نەزانراو و بێ گەواهیدەر دەکات، کە نازانرێت چۆن روویداوە و چی بەسەر ئەو کەسانەدا هاتووە، چونکە گێڕەرەوە ئەرکی گێڕەرەوەی هەمانشتزانی بینیوە لە دەقەکەدا و تەنها زانیاری لە سەر ئەو شتانە هەیە کە دەیانبینێت و دەیانبیستێت. بۆیە وەسفی بێ تاوانی و بە ناهەق کوژرانی کورد دەکات، کە بە درندەترین شێوە کوژراون لەو گردەدا و لە (گۆرستانی غەریبان) دا نێژراون، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك زانیاری لە سەریان هەبێت واتە سەرنقوم و بێ سەروشوێن کراون، کە (شێرکۆ بێکەس) ئەو گۆڕستانە تەنها هەر بە هی کورد ناو دەبات.

## ٤.ئەرکی وێنایی:

ئەم ئەرکە لەسەر بنەمای کارامەییەك بوونیادنراوە کە نووسەر دەتوانێت لە رێگەیەوە وشەکان لەگەڵ جیهاندا بگونجێنێت،واتە وێنای جیهان دەکات لە رێگەی زمانەوە. کە" رێگایەکە بۆ بەستنەوەی پەیوەندی نێوان دوو بیرۆکە یان دوو شت بەهۆی بەکارهێنانی ژانرە جیاوازەکانەوە، و دارشتنەوەیی بەشێوازێکی تایبەتمەند لەرووی ماناوە بۆ خوێنەر بە بەکارهێنانی زمان " (حامد،٢٠٢٣،ل٢٤٦)، " حەبیب مونسی " پێی وایە کە ئەرکی وەسف لێرەدا " بەهای خۆی هەیەو بوونیشی پێویستە لە کاری هونەریدا چونکە وەسفەکە سیفات و تایبەتمەندی وێناکردن لە خۆدەگرێت، کە وەکو کامێرایەك خوێنەر یا خود وەرگر لە رێگەی بینینەوە (چاو) لە جیهانی دەقەکە دەگات " (مونسی،٢٠٠٣،ل١١٦)، واتە مەبەست لەم ئەرکە " گەیاندنی پەیامی نووسەرە ب هشێوازێك کە ئەو پەڕی توانای خۆی تێدا بەکاربهێنێت لە دارشتەنەوەی بابەتەکەدا بۆگەیشتن بە بیرۆکەیەکی نوێ " (عمارە،٢٠١٨،ل٩٦)

هەر لەم بارەییەوە " ئادەم بوتی جان " گوتویەتی" ڕاستی لە شتەکاندا ئامادەییە و زمان دەتوانێت واقیع بەرهەم بهێنێت بۆئەوەی وەسفکەر نواندنی شتێك بکات لە شێوەی وێنای فۆرم و رەنگەکان" (خضار،٢٠٢٠، ص١١٧)، واتە وەسفکەر دەتوانێت وێنای (رەنگ و شێوەکان و رەگەزەکان و قەبارەکان) بەشێوەیەکی ورد و بابەتیانە بگەیەنێتە خوێنەر و وەرگر، لە سەر بنەمای ڕاستگۆی و جەختکردنەوە لە سەر وەسفکردنەکەی. لە نموونەی ئەم جۆرە ئەرکە لە نێو دەق والآی(یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی) دا بەدی دەکرێت، وەکو لەو نموونەیەی کە دەڵێت:

**داڤینشی**
**هەر وەکو پشکۆیەك بیخەیتە ئاوەوە**
**جزەیەك... دوو جزە و**
**تیلماسکێ دووکەڵ و پاشانیش خۆڵەمێش**
**بەو جۆرە داڤینشی**
**بازنەی بیرۆکەی**
**لەبەر یەك هەڵوەشاو**
**پێچکەکان شکان و**
**لەکەلی خەیاڵی تاساودا**
**مانگەکەی بەجارێ ئاوا بوو.( شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل١٥)**

لێرەدا شاعیر وەسفێکی وردی دیمەنی(داڤینشی) لە حاڵەتی جوڵە و نواندندا پێشکەش دەکات، لە ڕێگەی وەسفەوە وێنای هزری داڤینشی دەخاتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە هونەری لێکچواندن بینیوە، کە بریتییە لە " پەیوەندییەکی بەراوردی لە نێوان دوو لایەن بەهۆی لێکچوون و هاوبەشییان لە تایبەتمەندییەك، یان لە چەند تایبەتمەندی و حاڵەتێکدا، کە دەکرێت پەیوەندییەکەیان لە سەر بنەمای هاوبەشییەکی هەستی بێت, یا دەکرێت لە سەر بنەمای لێکچوون لە حوکم و پێویستییەکی ژیری، کە هەردوو لایەنە بەراوردکراوەکە بەیەکەوە دەبەستێت، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات دوو لایەنەکە لە جەستەدا و لە هەموو خاسێتێکدا وەکو یەکبن" (احمد،٢٠٢٢، ل١٣٠)، شاعیر بە بەکارهێنانی ئەم هونەرە شیعریە (داڤینشی) بە (پشکۆیەك) چوواندووە لە کاتی خستنە ئاوەوەدا، هەروەك لای هەمووان ئاشکرایە کە پشکۆ (پارچە سووتەمەنییەکی داگیرساو و درەوشاوەیە) بەڵام بە خستنە ئاوەوەی (پشکۆ) ئەم داگیرساوی و درەوشانەوەیەی نامێنێت، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی ئەم چواندنەوەوە دەیەوێت بڵێت ئیتر داڤینشی ئەو درەوشانەوەیە و گەرم و گوڕیەی کە لە بیرۆکە و خەیاڵیدا بووە بۆ کێشانی وێنەی پاسکیلەکە نەی ماوە، واتە داڤینشی تەنها ئاخێك دوو ئاخی لە دەم دەرچوو، لەگەڵ هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵ و درێژ، و ئیتر داڤینشی بۆ ئەبەد بێدەنگ بوو، پێش ئەوەی بیرۆکەی خەیاڵی بێتە بوون و ببێت بە ڕاستی داهێنانەکەی بە جاری بە کۆتاهات. شاعیر لە نموونەیەکی تردا بەهەمان شێوە لە وەسفکردنەکەیدا ئەرکی وێنەیی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**وەختێ خەیاڵ دەستی مەراق ئەخاتە**
**ژێر چەنەی یادگارا!...**
**وەختێ ئەم شاعیرەی پارکی ئازادی نیشتمان**
**وەك دیمەنی ناو خەونێکی هەرگیز**
**بە خەیاڵدا نەهاتوو**
**ئاوا ئەبێ... و ئاسمانی خۆی**
**جێدێڵێ...**
**ئاخر ئەستێرە نامێنێ، هەور نامێنێ، و**
**تا باڵندەی عەرشی خوایش، هیچ نامێنێ**
**لە کۆتەڵیا... هەموو بە کوڵ ئەگرین وەکو**
**لێزمەی باران، (شێرکۆبێکەس، هەڵۆ شێرکۆ، ٢٠١٦، ل٥٣)**

لێرەدا شاعیر ئەو وەسفەی کە لە نێو دەقەکەدا بەکاریهێناوە ئەرکی وێنەیی هەیە، و بۆ کێشانی وێنەیەکی گشتی بەکاریهێناوە کە خۆی لە چەند وێنەیەکدا دەبینێتەوە، لەوانەش لە وێنەی یەکەمدا شاعیر لە سەر شێوازی بە کەسکردن کە"بریتییە لەپێدانی سیفات و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بەو شتانەی(- مرۆڤ) ن"(عەلی و دەشتی، ٢٠٢٤، ل٢٧٩)، واتە بە کەرەستەی سروشت و لایەنە ژیری و دەروونییەکان، لە ڕێگەی وەسفێکەوە وێنەکەی دروستکردووە, بەوەی دەست کە ئەندامێکی لەشی مرۆڤە بە خەیاڵ کە (چەمکێکی واتاییە و لە ڕێگەی عەقڵ و ژیرییەوە لێی تێدەگەین) بەخشیوە، واتە وێناکردنی خەیاڵ لە دیمەنی (دەستی مەراق ئەخاتە ژێر چەنەی یادگار)ەوە، گوزارشت لە غەمباری دەکات بەرانبەر بە کۆچی دوایی (شێرکۆ بێکەس). دواتر لە وێنەیەکی تردا (ئەم شاعیرەی پارکی ئازادی نیشتمان) کە مەبەستی لە(شێرکۆ بێکەس)ە, بە(دیمەنی ناو خەونێکی هەرگیز بە خەیاڵدا نەهاتوو) چوواندووە، واتە تەنانەت خودی خەیاڵیش بە خەیاڵیدا نەهاتووە و بروا بە چاوەکانی خۆی ناکات کە شاعیرێکی وەکو(شێرکۆ بێکەس) کۆچی دوایکردووە، بەڵکو وادەزانێت ئەوە خەونە و دەیبینێت. پاشان جارێکی دیکە هەر لە سەر شێوازی بەکەسکردن وێنەیەکی دیکەی دروستکردووە و (بەکوڵ گریان) کە خاسێتێکی مرۆڤە شاعیر بە (ئەستێرە، هەور و باڵندە)ی بەخشیوە، کە هەموویان وەکو لێزمەی باران بۆ کۆچی دوایی ئەم شاعیرە گریاون، ئەم وێنانەش هەر هەموویان لە سەر بنەمای وەسف کێشراون، هەربۆیە وەسفکردنەکە ئەرکی وێنەیی بینیوە لە دەقەکەدا.

## ئەنجام:

١. وەسف وەکو هونەرێکی گرنگ لە نێو دەقە ئەدەبیەکاندا بە گشتی و شیعر بە تایبەتی لە ڕێگەی وێنەکێشانی دیمەنی شتەکاوە، جوانی وسیما و ئیستاتیکایەکی تایبەت بە دەقەکە دەبەخشێت، و خوێنەر زیاتر چێژی لێ دەبینێت.

٢. شاعیر لە نێو دەقەکەدا لە هەڵبژاردنی برگە وەسفییەکاندا وشە و دەستەواژەی ورد و جوانی بەکارهێناوە, کە ئەمەش توانا و لێهاتوویی شاعیر و دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی شیعری شاعیر دەردەخات.

٣. ئەرکەکانی وەسف لە نێو دەقی والای (یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی)ی شێرکۆ بێکەسدا، هەمەجۆرن ئەم هەمەجۆرییەش لە ئەرکەکانی وەسفدا بە پێی جیاوازی سرووشتیانە لە نێو دەقەکەدا.

٤. لە نێو ئەم دەقەدا زیاتر لە ئەرکێك دەبینرێت، وەکو ئەرکی (جوانکاری و ڕازاندنەوە، ڕاڤەیی و لێکدانەوە، گێڕانەوەیی و وێنایی)، لە نێو ئەمانەشدا ئەرکی گێڕانەوەیی پانتاییەکی زیاتری لە نێو دەقەکەدا داگیرکردووە، و شاعیر گرنگییەکی زۆری پێی داوە.

## لیستی سەرچاوەکان


١.ئەحمەد، موحەمەد نوری ،٢٠٠٣، **بونیاد ( زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا- ژانی گەل وەك نموونە)**،چ١، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی.

٢.احمد، مەریوان حمەکریم،٢٠٢٢، **بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری(سالم)دا**، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

٣.ئەڵوەنی، نەجم ، ٢٠٠٤، **بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا(ژانی گەل،شار،ڕاز)**،چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤.بێکەس، شێرکۆ و بێکەس، هەڵۆ شێرکۆ ، ٢٠١٦، **یادەوەری پاسکیلێکی کەرکوکی**، چ١، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

٥.حمەامین، سارا صدقی، ٢٠٢٠،**هونەری دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا(١٩٢٠-١٩٥٨)**، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦.سالح، انیا ئەسعەد محەمەد، ٢٠٠٦، **بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە،ئەژدیها)**، تێزی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧.سەعید ، ئازاد محمد، ٢٠١٣، **" کورتیلە چیرۆکی کوردی لە باشوری کوردستاندا ١٩٧٠-١٩٧٩"** ، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٨.عوسمان،کاروان مەهدی، ٢٠٠٨ ، **تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا**، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، نامەی ماستەر.

٩.عەلی، ئارام عومەر و عەبدوڵلا, شوانە نوری، ٢٠٢٣، **هەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان) ی(عەتا محەمەد) دا**، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(٨)، بەرگ(٣).

١٠.عەلی، رووناك سەلاح، ٢٠١٧،**هونەری فانتازیا (لە چیرۆکی نوێی کوردیدا) بەنموونەی چیرۆکەکانی سابیر ڕەشید و شێرزاد حەسەن**، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١.عەلی، زانیار سالح و دەشتی ،عوسمان حەمەد خدر، ٢٠٢٤، **لادانی واتایی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا١٩٧٠-١٩٩٠**، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٥٩).

١٢.قازی، ڕەوەند حمەجەزا و حسن، مەریوان عمر، ٢٠٢١، **گێڕانەوە لە چیرۆکە شیعرەکانی(ئەنوە قادر محەمەد)دا**، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(٦)، بەرگ(١) .

١٣. حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد، ٢٠٠٩، **بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا**، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك.

١٤.مەجید ، دیار فائق ،٢٠٠٨، بونیادی وەسف لە ڕۆمانی ڕێگای محەمەد مەولوود مەمدا، کۆلێجی پەروەردەی ئبن روشد، زانکۆی بەغدا، نامەی ماستەر.

١٥. أبو طالب ابراهيم، ٢٠١٧، **تطور الخطاب القصصي "من التقليد إلى التجريب"**، ط١، دار غيدا للنشر والتوزيع، عمان ، الاردن.

١٦.الاعرج، واسيني ،٢٠١٨، **نوار اللوز**، ط١، دار ورد للطباعة، سورية .

١٧. ايوب، نبيل ,٢٠٠١، **التعبير منهجية وتقنياتة**، ط٢، دار المكتبة الاهلية ، بيروت، لبنان.

١٨. بارت، رولان و فيليب، هامون وآخرون، ١٩٩٢، **الأدب والواقع**، تحقيق : عبد الجليل الأزدي، ط١، تينمل للطباعة والنشر، مراكش، مغرب.

١٩.بوجفجوف، مليكة، ٢٠٠٩ ، **بنية الوصف ووظائفه في ألف ليلة وليلة**، رسالة ماجستير، كلية الأدب واللغات، جامعة منتوري قسنطينة، الجزائر

٢٠. بوقلقول، رزيقة و بولفوس, زهيرة , ٢٠٢٣،**الوصف، وظائفه وابعاده في قصيدة** " قدرحبه ولامفر للقوب للشاعر(محمد جربوعة)، مجلة الرسالة للدراسات والبحوث الانسانية، جامعة محمد منتوري قسنطينة، المجلد (٨)، العدد (٢)، سنة (٢٠٢٣).

٢١. التونجي، محمد١٩٩٣، **المعجم المفصل في الأدب**، ط١ ، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

٢٢. جينيت, جيرار, ١٩٩٢, **حدود السرد، ترجمة : بنعيسي بوحمالة، في كتاب طرائق التحليل السرد الأدبي**، ط٤، منشورات اتحاد كتاب المغرب، الرباط، المغرب.

٢٣.حبيلة، شريف، ٢٠١٠، **بنية الخطاب الروائي " دراسة في رواية نجيب الكيلاني"** ط١، عالم التكب الحديث، الجزائر.

٢٤.لحمداني، حميد ، ٢٠٠٠، **بنية النص السردي من منظور النقد العربي**، ط٣، المركز الثقافي العربي للنشر والتوزيع، دار البيضاء ، بيروت، لبنان.

٢٥.خضار، سماحية، ٢٠٢٠، **خصائص الوصف في الخطاب الروائي النسوي الجزائري (روايات فضيلة الفاروق وياسمينة صالح أنموذجا)**، اطروحة دكتورا، جامعة احمد دراية-ادرار، الجزائر.

٢٦. الزبني، نويصر سعود، ٢٠٢٣ ، الوصف في شعر احمد صالح (البعد والتشكيل)،جامعة حائل، المملكة العربية السعودية، المجلة العلوم الانسانية والطبيعية، المجلد (٤)، العدد(٣).

٢٧.ستار، ناهضة ، ٢٠٠٣، **بنية السرد في القصص الصوفي، المكونات و الوظائف والتقنيات**، ط١، دراسة منشورات اتحاد الكتاب، دمشق، سوريا.

٢٨.شاوي، اسماء,٢٠١٦، **وظائف الوصف في المقامات اللزومية للسرقسطي الأندلسي**، مجلة افاق العلمية ، **مجلة كلية الاداب واللغات ، جامعة محمد البشير الابراهيمي برج بوعريريج، الجزائر، العدد (١) ، المجلد(٤)** سنة ٢٠١٦.

٢٩.الظاهري، ناصر, ٢٠١٧، **وصف الجسد في الشعر الجاهلي**، ط ٢ ،دار الخليج، للصحافة والنشر، عمان، الأردن .

٣٠.العمامي، محمد نجيب، ٢٠١٠ ، **الوصف في النص السردي بين النظرية والإجراء**، ط ١، دار محمد علي للنشر، تونس.

٣١. هامون ، فيليب، ٢٠٠٣، **في الوصفي**، تحقيق : سعاد التريكي، ط٤، المجمع التونسي للعلوم والأدب والفنون، بيت الحكمة، تونس.

٣٢.قسومة، الصادق, ٢٠٠٠ ، **طرائق تحليل القصة** ، ط٤، دار الجنوب للنشر، تونس.

٣٣.اللبدي، هبة إبراهيم منصور، ٢٠١٢، الوصف في شعر الملك الأندلسي يوسف الثالث ، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية، نابلس ، فلسطين.

٣٤.محبك،احمد زياد، ٢٠٠٥، **دراسة نقدية**،من الاسطورة الى القصة القصيرة، ط١، دار المعرفة، بيروت ، لبنان.

٣٥.محمد، عامر حامد، ٢٠٢٣، التجنيس و الوظيفة التصويرية في النص المسرحي العربي، مجلة نايو للبحوث والدراسات، المجلد (٣٢)، العدد (٤)، كانون الثاني (٢٠٢٣).

٣٦.مرتاض، عبد الملك, ١٩٩٨، **في نظرية الرواية، بحث في التقنيات السرد** ، ط١، عالم المعرفة، الكويت.

٣٧.المناعي، مبروك٢٠٠١، الوصف في الشعر المتنبي " في انماط النصوص الابنية اللفنية والتأويل، ط١، مجموعة سراس للنشر، تونس.

٣٧.مونسي، حبيب, ٢٠٠٣ ، **شعرية المشهد في الإبداع الأدبي**، ط،٤، دار المغرب للنشر والتوزيع وهران، المغرب.

٣٨.يوسف، امنة، ٢٠١٥، **تقنيات السرد في النظرية والتطبيق**، ط٢ ،دار فارس للنشر والتوزيع، عمان، الاردن

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-023

# The functions of description in Sherko Bekas's text (The diary of a kerkuki bicycle) (A challenging research in the master's thesis)

**Nashmil Mohammed Ali, diyar faeq majeed**

**Department of Kurdish language , College of basic Education ,University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq**

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

descriptive, functions of descriptive, Sherko Bekas's, kerkuki bicycle.

**Corresponding Author**

nashmil.mohaamad@gmail.com
diyar.faeq@garmian.edu.krd

**Abstract:**

The research , which is under the title (The functions of description in Sherko Bekas's The dairy of a kerkuki bicycle)is an attempt to reveal the significance of the functions of description in the experience of some parts of the poet's poems. Descriptive approach in the elements of literary narrative.Has a particular position especially in poems. This description is considered style by the poet for the purpose of creating standards and new image which show a different reality in the poet's point of view.

Sherko Bekas,who is one of the leading dotes of the contemporary Kurdish literate, in his work he pursued and valued this art and its functions, in such a way that those descriptions were used by him has more than one function.this is related to the poet 's ability of dealing with language parts,thus he was able to give beauty and an attractive content to his work through those descriptions which have different functions in the text, to attract the reader to enjoy the text and its beauty.this research is a discussion of a thesis in which the disciplines of the constructivism method were focused on to achieve its objective. The research consisted of two main parts in which the concept , definition of description,and analysis of the functions of description were highlight in the text (The diary of a kerkuki bicycle) One of the crucial conclusions which the research has achieved is that in this text more than one function are noticed such as (beauty and decoration, interpretation and analysis ,narrative and graphic).Among these functions, the narrative one has controlled many parts in the text and the poet has paid more attention to it.